# هەست ناکەم کچی خۆم بێت!!!
# بۆیە ناچارم فەحسی DNA ی بۆ بکەم

**پیاوێك بەناوی (ش.ع) داوای یاسایی لەسەر ژنەکەی کە بەناوی (ل. ا) تۆماردەکات. لەبەرئەوەی ئەوکات کەژنەکەی هێناوە گوایە کچە، بەڵام دوایی بۆی دەرکەوتووە ژنە پێش ئەویش دووجار ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. دوای چەند ساڵێك (ش.ع) بۆی دەرکەوتووە کە ئێستا کچێکی هەیە ئێستاش کێشەکە لەبنکەی پۆلیسی شاوەیسە. هەر لەسەر ئەم بابەتە (ش.ع) تەواوی ئەم رووداوە بۆ گۆڤاری گوڵان باس دەکات.**



**لەساڵی ١٩٨٧ئەوژنەم جێهێشتووە و ئێستاش ئەو کچە لەساڵی ١٩٨٩لەدایك بووەبۆیەدەمەوێت پشکنینی خوێنی DNN بکەم**

### لە ڕێگای دوکانەکەی باوکمەوە ئەوم بینی

(ش.ع) سەرەتا باس لەوەدەکات و دەڵێت «لە ساڵی ١٩٨٥ مـن زیندانی کرام لەبەغدا، دواتر لە ساڵی١٩٨٧/٥/١٧بە زیندانی سیاسی دەرچووم، ئەوکات باوکم دوکانێکی هەبوو لە بەغدا لە ڕێگای دوکانەکەی باوکم ئەوی بینی، لەو کاتەوە دووسێ جار یەکترمان بینی و دواتر لای مەلا مارەمان بڕی.

### بەمنی وت من کچم کەچی ژن دەرچوو

(ش.ع) وتی «دوای مارەبڕی پاش دووهەفتە گواستمەوە لە شەوی زاوییەتی من چوومە لای، ئەوکات بە منی وت من کچم، بەڵام بەیانی کە هەستام دایکم داوای پەڕۆیەکەی کرد، منیش وتم دایکە من نەمزانیە دەچم پێیدەڵێم، کە داوام لێکرد، وتی «بزرمکردووە خۆی سەرقاڵکرد، بەڵام لە کۆتاییدا دوای چەند ڕۆژێك لۆکەیەکی دامێ بردم بۆ لای دایکم، بەڵام دایکم وتی ئەوە بە سوراوە ئیتر زۆر لەگەڵمان هەوڵدا، بەڵام سوودی نەبوو لە کۆتایی لەگەڵی کردمە شەڕ داوام لێکرد کە ئەو بابەتەم بۆ ڕوون بکاتەوە وتی من ئەم پەمۆیە دەبەمە لای دکتۆر ئیتر کەچوو بۆلای دکتۆر ئەوکات ئەو ژنە ڕۆیی ماڵی بەجێهێشت تاکو ئێستا نازانم لەکوێیە.

### کە ئەو ڕۆیشت منیش لەبەر بارودۆخی سیاسی کوردستانم بەجێهێشت

(ش.ع) زیاتر باس دەکات و دەڵێت «دواتر لەبەر بارودۆخی سیاسی کوردستان لەساڵی ١٩٨٩ڕۆیشتم بۆ ئێران و نەگەڕامەوە بۆ کوردستان تاکو دوای ڕاپەڕین.

دوای ئەوەی کە گەڕامەوە چوومەوە بەغداد، بەڵام من هەر ئەو ژنەم نەبینی ئەوکات لە خەڵکم دەبیست کە من کوڕێکم هەیە بەناوی «بەنین» دوای ئەوە بیستم کە کچێکم هەیە بەناوی «.........» کوڕەکەم بوو بەکچ !!!!

ئەوکات ئێمە ماڵمان لە مەنصور بوو لە بەغداد ژنەکەشم خانووی خۆی هەبوو فرۆشتبووی بزربوو، برایەکی هەبوو چوومە لای براکەی وتی من پێوەندیم پێوە نییە و قسەمان لەگەڵی نییە، بۆیە تا ساڵی ١٩٩٨ هیچ هەواڵێکی نەبوو، چوومە لای مێردی خوشکەکەی کە لەبنکەیەکی پۆلیس دەوامی دەکرد، ئەویش بەهەمان شێوە وتی پێوەندیمان لەگەڵی نییە.

### پێش ئەوەی شو بەمن بکات دووجاری تر ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو

(ش.ع) سەبارەت بە زانینی ئەم ڕووداوە وتی « پار ساڵ چووم ناسنامەکەم بگۆڕم لە هەڵەبجەوە بۆ کەسنەزان، پێیان وتم تۆ دوو ژنـت هەیە لەگەڵ شەش منداڵ، بەڕاستی من تووشی سەرسامی بووم. لەبەر ئەوەی من کە لە ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوسەرگیرم پێکهێنا، ئەو ژنەم نەبینیەوە. دوای ئەوەی کە ناسنامەکەم گۆڕی بۆمان دەرکەوت کە ئەو ژنە دوو شووی تری کردبوو تەڵاق درابوو، ئەوکات من زانیم ئەوە ژن بووە نەك کچ.

هەر لەو ماوەیەدا و دواتر ڕۆژێك یەکێك لە براکانم تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی «ئەوە کچەکەتە قسەی لەگەڵ بکە، من تووشی شۆك بووم، چونکە من بەژیانم نەبینیوە، هەربۆیە توڕە بووم و تەلەفۆنەکەم داخست، دوای دوو ڕۆژ پیاوێکی عەرەب تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی تۆ میوان ڕادەگریت، من هاوسەری کچەکەتم، بەڕاستی من زۆر بەلامەوە سەیر بوو ئیتر نەمتوانی کەس قبوڵ بکەم، دوای ئەوە مامێکم تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی تۆ ئەو کچە وەربگرەوە، چونکە خەڵك پێی دەڵێن دایکت هەیە باوکت بزرە، ئەگەر ناتەوێت هەر با بێین (ئەوراقەکان) بەناوت بکرێت بچێتەوە شوێنی خۆی.

### کاتێك کە کچەکەم بینی هەستم بەسۆزی باوکایەتی بۆی نەکرد

(ش.ع) وتی : دوای ئەوە کە کچەکە هات و بینیم هیچ دڵم بۆی لێی نەدا، بەهیچ شێوەیەك لەمن ناچێت و بە هیچ شێوەیەك هەست ناکەم کە کچی منە لەدڵەوە، بۆیە بەردەوام دەڵێم ئەو کچە لە من نییە، بەڵام دوای ئەوەش من ئەوراقەکانم بۆ تەواو کرد و ڕۆیشت وەکو منداڵەکانی خۆم هەڵسوکەوتم لەگەڵ کرد، بەڵام دایکی ئەو کچە هەموو شتێکی شاردبووەوە لەو کچە، ژنێکی بە کچەکەی نیشاندابوو، وتبووی ئەوە پورتە خوشکی باوکتە ئەو کچە بەردەوام ئەچووە لای ژنە و دەستی ماچ دەکرد و هەواڵی کەسوکاری باوکی لێدەپرسی. هەروەها وتبووشی باوکت لە ئەنفال مردووە.

**دوای ئەوە کە کچەکە هات و بینیم هیچ دڵم بۆی لێی نەدا بەهیچ شێوەیەك لە من ناچێت بە هیچ شێوەیەم هەست ناکەم کچی منە**

### دەمەوێت پشکنینی DNAی بۆبکەم

(ش.ع ) وتی « کچەکە چووبووە لای دایك و باوکم لە ساڵی ٢٠٠٢ داوای ناونیشانی منی کردبوو، بەڵام دایکم دەری کردبوو. ئێستاش دەمەوێت بزانم ئەوکچە هی منە یان نا، چونکە من لەساڵی ١٩٨٧ئەوژنەم جێهێشتووە و ئێستاش ئەو کچە لەساڵی ١٩٨٩لەدایك بووە بۆیە دەمەوێت پشکنینی DNAی بۆ بکەم، ئەو کات نەمویست دڵی بشکێنم، بەڵام ئێستا چاوەڕێ دەکەین تا مانگی ٧ منداڵی ببێت و بیهێنینە هەولێر، ئینجا پشکنینی خوێنی بۆبکەین، ئەگەر کچی من بوو ئەوە باشە، بەڵام ئەگەر کچی من نەبێت بەناوی خۆمی ناکەم.

### سکاڵای لەسەر تۆماردەکەم

(ش.ع) باس لەوە دەکات و دەڵێت «ئەو ئافرەتە ئێستا چووە بەخۆی خۆی بەتەڵاقدان داوە بەبێ ئەوەی من ئاگادار بم، لەڕووی یاساوەش ئەگەر ژن مێردی سێیەمی کرد نابێت خۆی بەخۆی بچێت تەڵاقی خۆی بەتاڵ بکات، بۆیە ئێستا سکاڵام لەسەر تۆمارکردووە لەبەرئەوەی چەندین نهێنی لەمن شاردۆتەوە ئەوکاتیش کەمنی جێهێشت پارەو زێڕی هەمووی لەگەڵ خۆی برد.

## کچێک بۆ جاری سێیەم ماڵی باوکی جێدەهێڵێت

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری پۆلیسی هەولێر بەدەست گۆڤاری گوڵان گەیشتووە، باوك و دایكێك لە بنكەی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر سكاڵایان لەسەر كچەكەیان تۆماركردووە كە بۆجاری سێیەم ماڵی باوكی جێهێشتووە.

پیاوێك بەناوی د.ع، كە لەدایكبووی ١٩٧٢ و پیشەی كاسبەو ژنەكەی بەناوی ف.م، كە ژنی ماڵەوەیە لە بنكەی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر لە ٢٠١١/٤/٢٤ سكاڵایان تۆماركردووە كە كچەكەیان بۆ جاری سێهەم بەبێ پرسی ئەوان ماڵی جێهێشتووە.

ئەو كچە كە ناوی (ر.د) و نەوجەوانە بۆجاری سێیەم ماڵی جێهێشتووەو ئێستا بێسەر و شوێنەو لە ٢٠١١/٤/١٤ تا ئێستا كەس نازانێ رووی لەكوێ كردووە.

لەلایەن دادوەری لێكۆڵینەوە لەدادگای هەولێر بڕیاردرا ناوی ئەو كچە بەسەرجەم خاڵی پشكنین و سنوورییەكانی هەرێم بڵاوبكرێتەوە تا دەدۆزرێتەوە.



## براکەی میراتی باوکی لێزەوت ک

بەپێی ئەو زانیاریانەی كە لەسەرچاوەیەكی ئاگاداری پۆلیسی هەولێر بەدەست گوڵان گەیشتووە، كچێك لەسەر ئەوەی داوای میراتی باوكی لە براكەی كردووە، ژیانی لەژێر هەڕەشەی كوشتندایە.

بەپێی یاسای باری كەسی هەرێمی كوردستان ئافرەتیش وەك پیاو مافی پێدانی میراتی هەیە كە لەباوكیانەوە یان دایكی بۆیان جێمابێت، بەڵام سكاڵای ژنێك بەناوی ف.خ، كە لەبنكەی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر تۆماریكردووە لەسەر براكەی بەناوی ح.خ، ئەوە دەردەخات كە لەمیراتی باوكیان هەموو خوشك و براكانی میراتیان پێدراوە، تەنیا ئەو بێبەش كراوە.



## ژنێک لەلایەن پیاوەکەیەوە لێی دەدرێت و خەسووەکەشی ئیهانەی دەکات

بەپێی ئەو زانیاریانەی گۆڤاری گوڵان لە سەرچاوەیەكی پۆلیسی هەولێر بەدەستی گەیشتوون، ژنێك لەبنكەی پۆلیسی ئاشتی سكاڵای تۆماركردووە كە شەوانە پیاوەكەی بەسەرخۆشی دێتەوە ماڵەوەو لێیدەدات و هاوكات خەسووەكەشی ئیهانەی دەكات.

ژنێك بەناوی ر.ت، لەدایكبوونی ١٩٨٠ ژنی ماڵەوە لەگوتەكەی بۆ پۆلیس هاتووە كە سكاڵای دژ بە خەسووەكەی بەناوی (ع) و مێردەكەی بەناوی (ب.س) هەیە كە هاوسەرەكەی پۆلیسە لەیەكێك لە نەخۆشخانەكانی هەولێر، چونكە شەوانە كاتێ پیاوەكەی دێتەوە ماڵ سەرخۆشەو بەردەوام لێیدات و لەلایەن خەسوشیەوە ئیهانە دەكرێت و جنێوی پێدەدرێت.

ئەو ژنە كە رۆژانە توندوتیژی بەرامبەر دەكرێ لەلایەكی دیكەشەوە لەلایەن خەسووكەیەوە جوێنی پێدەدرێت. لەلایەن دادوەری لێكۆڵینەوەی دادگای هەولێر بڕیار دار بەماددەی ٤١٣ لە یاسای سزادانی عێراقی هاوسەر و خەسووكەی ئامادەی دادگا بكرێن.

بەرپرسی فایلی کۆمەلایەتی: ڕۆشنە عومەر
roshnaomar2010@hotmail.com




# ـــردووە و پێشی دەڵێ دەتکوژم

ئەو ژنە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨١ دانیشتووی قەزای دەشتی هەولێرە، داوای میرات لەو برایە دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە براکەی هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات و پێیگوتووە کە ئەگەر داوای میراتی باوکی بکات ئەوا دەیکوژێت. لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری بەندکردنی برای ئەو کچەی دا.

## ژنێک بەهۆی شەڕی هاوسەرەکەیەوە گیانی سووتا

بەپێی ئەو زانیاریانەی گۆڤاری گوڵان لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری پۆلیسی هەولێر بەدەستی گەیشتووە، پیاوێك بەناوی ب.ح، لەبنکەی پۆلیسی کوردستان سکاڵای لەدژی مێردی کچەکەی تۆمارکردووە کە بەهۆی شەڕی نێوانیانەوە کچەکەی سووتاوەو گیانی لەدەستداوە.

کچەکە کە ناوی شەهێنەو بەگوتەی باوکی مێردی کچەکە ناوی (ا.ك) بوو لەگەڵ کچەکەی خراپ بووەو لەگەڵی بەشەڕ هاتووەو لە ئەنجامی ئەو شەڕەشدا شەهێنی کچی سووتاوەو گیانی لەدەستداوە. لەبارەی ئەو رووداوە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دەستگیرکردنی (ا.ك) دا بەمادەدەی ٤٠٨ لە یاسای سزادانی عێراقی.





## پیاوەکەی مردو شوبراکانی هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی پۆلیسی هەولێر بەدەستی گوڵان گەیشتووە، ژنێك دوای ئەوەی پیاوەکەی مردووە ئێستا لەرێگەی شوبراکانییەوە رێگری لێدەکرێت لەوەی جارێکی دیکە شوبکاتەوە و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن.

ژنێك بەناوی ن.ئ، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧ پیشە ژنی ماڵەوە کە دانیشتووی شارۆچکەی سۆرانە. لەرێگەی بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان و بنکەی پۆلیسی ئازادی سکاڵای تۆمارکردووە لەوەی کە پێشتر پیاوێك بەناوی (ر.خ) هاوسەری بووەو ماوەی ٤ ساڵە ئەو کەسە مردووە، بەڵام ئێستا ئەو ژنە دیەوێت جارێکی دیکە شوبکاتەوە، لەلایەن شوبراکانی بەناوی (س.ح).(خ.ح) هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت کە نابێت و بۆی نییە دوای مردنی هاوسەری ئەو جارێکی دیکە شوبکاتەوە. لەکاتێکدا ئەو ژنە کە هەموو رێوشوێنێکی پێویستی بۆ تەواوبووە کە شوبکاتەوە.

لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر بڕیاردرا بە وەرگرتنی وتەی شاهێدانی سەلماندن.

# سێ پیاو هەڵدەکوتنە سەر ماڵێک و دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنەکەی



بەپێی ئەو زانیاریانەی بەدەست گۆڤاری گوڵان کەوتوون، لەلایەن پێنج پیاوەوە هێرش کراوەتە سەر ژنێك و سێ لە پیاوەکان بە زۆرەملێ سێکسیان لەگەڵ ژنەکە ئەنجامداوە، هاوکات بەپێی بەدواداچوونی گوڵان ئێستا ژنەکە رەوانەی لیژنەی پزیشکی کراوە، چونکە لەڕووی دەروونییەوە شڵەژاوە.

هێشتا دیاردەی ئەنجامدانی سێکسی زۆرەملێ و دەستدرێژی سێکسی لەهەرێمی کوردستان لە هەندێ لە قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری شارەکانی هەرێم ماوە، بەڵام هێرشی کۆمەڵێك پیاو بۆسەر خێزانێك و ئەنجامدانی سێکسی بەزۆرەملێ جێگەی هەڵوەستەکردنە کە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست گوڵان کەوتووە لەو راپۆرتەدا دەیخەینەڕوو چۆن ژن و پیاوێك دەبنە قوربانی هێرشی کۆمەڵێك پیاو بۆ سەر ژنێك.

ژنێك بەناوی (م.خ) رووداوێك لە پۆلیس ئاشکرادەکات کاتێ ئەو لەگەڵ مێردەکەی بەناوی (ع،ب) لەنێو ماڵەکەیدا لە کەسنەزان بووەو لەلایەن ٥ پیاو هێرشی کراوەتە سەر و سێکسی لەگەڵ کراوە. ئەو ژنە کە لەرووی دەروونییەوە شڵەژابوو و تووشی جۆرێك لە شۆك بووە لەو رووداوە بووە، بەڵام زانیاری ئەوەی تۆمارکردووە کە ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ و پیشەی ژنی ماڵەوەیە. ئەو ژیانی هاوسەرێتی پێکهێناوەو پیاوەکەی بەناوی (ع.ب)یە و لە دایکبووی ١٩٧١ و پیشەی کاسبە.

دوای ئەوەی ئەو ژن و مێردە لەماڵی خۆیان دەبن لە ٢٠١١/٤/٢١ لەنێو ماڵی خۆیاندا وەك ژن و مێردێکی ئاسایی دانیشتبوون کاتێ لەلایەن ٥ پیاو هێرشیان دەکرێتە سەر و ٣ لەو پیاوانە راستەوخۆ هێرشیان کردە سەر ئەو ژنەو کاری سێکسیان بەزۆرە ملی لەگەڵ ئەنجامدا.

ئەو ژنە وێڕای ئەوەی خۆی رادەستی ئەو پیاوانە نەکردووە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی هێز دەمکوتیان کردووەو ئەشکەنجەیان داوەو بەو رێگەیەوە کاری سێکسیان لەگەڵ کردووە.

بەپێی گوتەکانی ئەو ژنە کە لە پۆلیس تۆمارکراون گومانی لەپیاوێکە بەناوی (س) کە ئەو کەسە لەنێو ئەو پێنج کەسە بووە کە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی و کاری سێکسی لەگەڵ ئەنجامداوە. لە گوتەی ئەو ژنەدا هاتووە کە لەو ٥ پیاوە ٣ کەس سێکسیان لەگەڵ ئەنجامداوەو دووانەکەی دیکەش پاسەوانیان کردووە نەوەك کەسێك بەو رووداوە بزانێت.

هاوکات گوتەی مێردی ئەو ژنە وەرگیراوە بەناوی (ع.ب) ئەو بەهەمان شێوەی قسەی خێزانەکەی بۆ پۆلیس گوتویەتی کە پێنج پیاو هێرشیان کردووەتە سەر ماڵەکەی و لەلایەن ٣ لەو پیاوانە سێکسی بەزۆرەملی لەگەڵ خێزانەکەی ئەنجامدراوە.

ئەو ژن و مێردە لەگەڵ تووشبوونیان بەو رووداوە هانایان بۆ پۆلیس بردووەو سکاڵایان لەدژی کەسێك بەناوی س، تۆمارکردووە. ئەو رووداوە کاتێ گەیشتووەتە دەستی پۆلیس راستەوخۆ بۆ دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر رەوانە کراوەو لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەش بە ماددەی ٤٤٣ لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاردراوە کە تاوانبارانی ئەو رووداوە دەستگیربکرێن. بەهۆی ئەوەی کە ئەو ژنە لەڕووی دەروونی شڵەژاوە و بۆ زاینی ئامادەکردنی راپۆرتێك لەبارەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئەو ژنە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریداوە کە ئەو ژنە رەوانەی لیژنەی پزیشکی بکرێت. تا ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە بەدوای زانیاری ئەوەوەن کە هۆکاری ئەو رووداوە ئاشکرا بکەن کە بۆچی لەیەك کاتدا ٥ پیاو بەو شێوە هێرشدەکەنە سەر ماڵێك و کاری سێکسی بەزۆرەملی لەگەڵ ژنێك دەکەن.



# توانجی کوڕان.. کچانی بێزار کردووە

لەهەر کۆمەڵگەیەکدا هەندێك وردە دیاردەی کۆمەڵایەتی هەن کە زۆربەی کات بوونەتە کێشەو گرفت لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگەدا و هەندێکجار سەریکێشاوە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی گەورە، هەندێك پێیانوایە لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەدا ئەو وردە دیاردانەش زیاددەکەن و هەندێکی تر پێیانوایە بە گەشــەپێدانی ئاستی رۆشنبیریی و هۆشــیاریی کۆمەڵگە ئیتر هەڵئاوسانی ئەو جۆرە دیاردانە روو لە پووکانەوە دەکەن، تانەدانیش یەکێکە لەو وردە دیاردانەی کە رووبەڕووی هەندێك لە کچان و ژنانی شارەکانمان دەبنەوە، بەهەر جۆرێك لە جۆرەکان کە بۆتە حاڵەتێك ترس و دڵەراوکێی لای بەشێك لە کچان دروستکردووە کە نەتوانن ئازادانەتر مامەڵەی ژیان بکەن و دڵی خۆیان بدەنە دەرەوەی خۆیان نەك بۆخۆیان بێت.

**« گەنجی ئێســتا زۆر چاوەڕووی کراوەتەوە، حەقوایە ئاسایش ئاگاداری ئەم دیاردانە بێت»**

زۆرن ئەوانەی کە ئیشیان نییە و تەنیا خەریکی سەیرکردنی کچانن، کە وادەزانن بۆخۆیان خووشك و خێزانیــان نییــە و تەنیا ئێمە دێینــە دەرەوە و خۆمــان دەرازێنینەوە، ئەمە وتەی ژیا نەصرەدین غەفــووری تەمەن ٣٠ســاڵی فەرمانبــەر بوو، وتیشــی جاری واهەبووە لەلایەن ئەو شــۆفێری تاکسیەی کە لەگەڵیدا ســواربووە تانەی لێدراوە کاتێــك کە دابەزیووە، باوەڕیشــی وابوو گەنجی ئێستا زۆر چاوەڕووی کراوەتەوە، حەقوایە ئاسایش ئاگاداری ئەم دیاردانە بێت و ببنە پشــتیوانی بۆ کچــان لەبەرئەوەی جاری واهەیە کچ تووشــی هەڕەشەی جەســتەیی دەبێتەوە، وتیشی «جارێك لەگەڵ دایکمدابووم لە بازاڕ دوو گەنج کە کتێبی قوتابخانەیان بەدەســتەوەبوو تانەیان لێدام کە زۆرم پێناخۆشــبوو لەبەرئەوەی دایکــم بەجۆرێکی تر هەلوەستەی کرد.

**« یەکێك لەو شــتانەی رەنگدانەوەی کەسێتی مرۆڤە، بریتییە لە جلوبەرگ»**

کچە باڵاپۆشــێکی تەمەن ٢٢ســاڵی قوتابی زانکۆی سلێمانی بەناوی هاژە کەریم عزت لەسەر ئــەم دیاردەیــە وتــی «تاکو ئێســتا بۆ یەکجاریش تو و شی تانــەدان نەبوومەتەوە لەلایەن هیچ کەســێکەوە لەبەرئەوەی مــن وادەبینم کە پێوەندی بە جــۆر و چۆنیەتی ئەو جلوبەرگەوەیە کە کچ لەبەریدەکات، هەروەها وتیشی یەکێك لەو شتانەی رەنگدانەوەی کەسێتی مرۆڤە، بریتییە لە جلوبەرگ. هەربۆیەش کاتێك گەنجێــك دەبینێت کچێك بەجۆرێــك لەجۆرەکان خــۆی ئارایشــت دەکات بەجلوبەرگێکی تایبەت ئیتر بەشێوەیەکی تر تەماشای دەکات، باوەڕیشی وابــوو کە لەلایــەك دەبێت کچان خۆیــان بزانن چۆن دەپۆشــن و لەلایەکی تریشەوە گەنجەکانمان هەســت بە ئازادییەکی رەها دەکەن و ســنوور بۆ هەڵوێستەکانیان دانانێن.

**« ئەوەی کە گەنجی ئێســتا پەروەردە دەکات هاوڕێکەیەتی یــان بەرنامەکانــی راگەیاندن و کەناڵەکانی سەتەلایتە»**

من لەزۆربەی وتارەکانمدا باسی ئەم دیاردەیەم کــردووە و ســەرنجی گەنج و دایــك و باوکان و بەتایبەتیــش کچانم راکێشــاوە بــۆ ئەمە، ئەمە وتەی مامۆســتایەکی ئایینی بوو کە لەدەرەوەی شارەوە هاتبوو بۆئەوەی منداڵە چاوگەشەی بباتــە لای پزیشك، وتیشــی گەنجی ئێســتا وەکو جــاران نییە کە گــوێ لەدایك و باوکی بگرێت، بەڵکو ئەوەی کە پەروەردەی دەکات هاوڕێکەیەتی یان بەرنامەکانی راگەیاندن و کەناڵەکانی سەتەلایتە، بەڵام ئەوانەی کە گەنجێکی سەرکەوتوون لە خوێندن یان خۆیان بە خول و خوێندنەوەوە خەریك دەکەن، بەدوورن لەم جــۆرە حاڵەتانە و پێموایە ئەم جۆرە دیاردانە زیاتر لەناو شــارەکاندا هەبێت، بــەڵام وردە وردە رووی لەناوچەکانی دەرەوەی شــاریش کردووە، کە دەبێت بەهەموو لایەك خەمی لــێ بخۆین بەتایبەتیش مامۆستایانی قوتابخانەکان.

**« گەنجی وا هەیە بەکۆمەڵ لەســەر رێگەی رۆشتنەوەی قوتابخانەی کچان دەوەستن»**

رۆژێك لەگەڵ دەســتگیرانەکەمدا دەچووینە بــازاڕ بۆئەوەی بزانیــن نرخی ئاڵتــوون و زێڕ و کەلوپــەل چۆنــە، لەبەرئــەوەی بەجۆرێکــی خۆشەویستانە مامەڵەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، منداڵێکی عەلاگە فرۆش تانــەی لێداین و بوو بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ دەستگیرانەکەمدا ببێتە کێشــەمان، بەڵام منداڵەکە رایکرد. ئەمە وتەی ســانا عومەر محەمەدی ٢١ ســاڵبوو، هەروەها وتیشــی کە لە زۆربەی شوێنەکانی تر تووشی ئەم جۆرە دیاردانە بوومەتەوە بەشــێوەیەك کە ترســاوم لەوەی بە ئازادی خۆم بێمە دەرەوە، چونکــە گەنجــی وا هەیــە بەکۆمەڵ لەسەر رێگەی رۆشتنەوەی قوتابخانەی کچــان دەوەســتن و دەیانەوێت کچێك وەڵامیان بداتەوە جــا کە بەدڵی ئەوان نابێت ئیتــر تانەیان لێــدەدەن، جارێك لەرێگــەی پێوەندی ئــەو تولەی کە لــە تەلەفزیۆن نووســرابوو گەنجێك وادەی بەیەکگەشــتنی لەگەڵ کچێك وەرگرتبوو لە قوتابخانەکەمان کە بەڕاســتی ئەمانە دەبنە زیاتربوونــی ئەو دیاردانە.

